# بیری نەتەوەییی کورد و کێشە دواکەوتووییەکانی کۆمەڵ

## ئێمە دەبێت بیری نەتەوەییی کورد و ناسیۆناڵیزمی ئەورووپیی و نەتەوە سەردەستەکانی کورد لەیەکتر جیابکەینەوە،

پۆلا سەعید

چەندینەی جار لە کووشتنی هەر کچ و ژنێکی کورددا جا چ لە ئەورووپا بێت چ لە ناوەوەی وڵات، خەڵکانێک هەن ڕاستەوخۆ تاوانەکەی دەخەنە ئەستۆی خەڵکانی نەتەوەییەوە. دیارە من لێرەدا وەک خەڵکانێک ناڵێم ناسیۆناڵیزمی کورد، وەک چۆن ناشلێم لایەنە "قەومییەکان". مرۆڤ دەبێت بنەماکانی دروستبوونی ئەم ئایدیۆلۆژیەتانە هەڵبسەنگێنێت، دەبێت مرۆڤی کورد جیاوازییەکانی نێوان ئەم بەرانە لێکبداتەوە. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکەکانیان ئەرکێکی نە نەتەوەییی نە نیشتیمانپەروەوانەیە، بەڵکوو ئەرکێکی ئەپستمییە "مەعریفیی" . ئەگەر بێینە سەرباسی دروستبوونی "ناسیۆناڵیزمی تورک و دەوڵەتی ناسیۆناڵیزمی تورک و ڕێبازی ناسیۆناڵیستە عەرەب و تورک و فارسەکان" ئەوا بە دەگمەن نەبێت دەنا بەشێوەیەکی گشتیی هەموو ڕێبازێکی شۆڤێنیستانە و ڕەگەزپەرستانەیان هەیە. بێگوومان ئەم ڕەوشتانەشیان لە ئایدیۆلۆژیەتەکەیانەوە وەدەردەکەوێت، کە هیچ دان بە بوونی کورد و بە مافە نەتەوەییی و مرۆییەکانی کورددا نانێن. ئەمانە خاکی کوردستان بە بەشێک لە نیشتیمانەکەی خۆیان دەزانن. لێرەدا ئەم ئایدیۆلۆژیەتە شۆڤێنیزمانەی عەرەب و تورک و فارس، گەلی کورد بە خاوەن زەویی و خاک و ئاوی خۆی و زمان و کلتور و دابونەریت نازانێت. لێرەدا خاڵێکی سەرسوڕمان دێتە ئاراوە کە ئەم بیرە "قەومیی" ئەم ئایدیۆلۆژیەتەی کە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک بە ناسیۆناڵیستی خۆیانی ئەدەنە قەڵەم، بێجگە لەوەی کە بیرێکی ناوچەیی هەیە ناتوانرێت بخرێتە قەبارەی بیرێکی جیهانییەوە. ئەم نەتەوانە بۆخۆیان دەوڵەتێکی ناسیۆناڵیستییان دەوێت، بەڵام بۆ کورد بڤەیە. لەناو کۆمەڵگای عەرەبدا بوونی دەوڵەتێکی قەومیی عەرەب بە پێویستییەکی بنەرەتی دەزانن بۆ ئازادیی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بەعسییەکان دروشمی " یەکێتیی، ئازادیی، سۆسیالیزم"یان هەڵگرتووە.

ناسیۆناڵیستی ئەورووپیی کە لەسەر بنەما و فەلسەفەیەکی جیاواز پێکهاتووە جیاوازتر وەک لە بیری قەومیی عەرەب و ناسیۆناڵیستیی تورک و فارس. ئەگەر تەماشایەکی فەلسەفەکانی " Georg Wilhelm Friedrich Hegel

بکەین کە "هێگڵ" دەڵێ: بۆ ئەوەی ئەڵمانەکان ئازاد بن پێویستە سەرەتا دەوڵەتێکیان هەبێت ئەوسا ببنە نەتەوە. چونکە بە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵیستدا ئازادیی دێتە کایەوە. بەڵام بیری نەتەوەییی کورد هەرگیز وەک هێگڵ بیرناکاتەوە، چونکە تەنها ئازادییە کە

www.kurdistannet.org

دەتوانێت دەوڵەتێکی یەکسانیی بۆ کورد دابین بکات. بۆیە بیری نەتەوەییی کورد ئازادیی لە پێش هەمووقۆناغەکانەوە داناوە. بۆیە گەلێکی ئازاد هەموو کات دەتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەییی دروستبکات، بەڵام بوونی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ لەناو نەتەوەیەکدا مانای ئەوە نییە کە ئازادیی لە ئارادا هەبێت.

لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە لانەدەین، کە باسەکەمان لێرەدا کێشەی کووشتنی ژنە، ئەم کورتە سەرنجانەشمان لەسەر ناسیۆناڵیزم بە پێشەکیی باسەکەمانەوە گرێدا هەتا بتوانین دەرگایەکی ئەپستمیی بۆ لێکدانەوەکان بکەینەوە. کێشەی کووشتنی ژنان هیچ پەیوەندیی بە ناسیۆناڵیزمی کوردەوە نییە، وەک خەڵکانێک جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەن. بەڵکوو کێشەیەکی هزرییە، کێشەیەکی دەروونیی و دواکەوتوویی کۆمەڵە. ئایین لەم بارووەدۆخەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەمانکات هێرشە دەروونییەکان کە پەلاماری بیرکردنەوەی مرۆڤ دەدەن دەبێتە هۆی هاندانی مرۆڤ بۆ کووشتن. لێرەدا دڵپیسیی هۆکارێکە بۆ پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرییە، کە چەندینەی جار بەدەر لە نەتەوەی کورد لەناو گەلانی بێگانە و ئەوروپییشدا کێشەی کووشتنی ژن دێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەناو کۆمەڵگای کورددا دەتوانم بڵێم هۆکارەکانی دڵپیسیی خانەیەکی زۆریان داگیرکردووە لەناو هزری مرۆڤی کورددا. هەمانکات "ئابڕوو" بۆتە پاڵنەرێکی بەهێز لەناو کۆمەڵدا کە کۆمەڵی کوردەواریی هەمانشێوە وەک چەندینەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بێبەش نەبووە لەم دەردە کووشندەیەی کۆمەڵ. بۆیە هەتا ئێستا خەڵکانێک هەن کە ئەم کردارە دواکەوتوویە بە کلتوور و دابونەریت دەزانن و بەناوی کوردایەتیی و ناسیۆناڵەوە دەیانەوێت بیپارێزن. کوردایەتیی کڕکەوتن نییە لەسەر هێلکەی پیسی کلتوور و دابونەریت، بەڵکوو لێکدانەوە و تێگەیشتنە بۆ بنەبڕکردنی هۆکانی دواکەوتوویی کۆمەڵ. کێشەی نێوان لایەنە ڕامیارکارەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریی بەتایبەت لەلایەن چەپەکانی کوردەوە بارووەدۆخێکی وەهایان دروستکردووە، کە لەپێناوی ململانێی ئایدیۆلۆژیەتدا زۆرینەی جار کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە قوربانی ئایدیۆلۆژیەتەکەیان و سەریش لە کۆمەڵ دەشێوێنن. چەپەکان بۆ ئەوەی بگەنە ئاستێکی ڕەوانتر لەم ململانێ ئاڵۆزەدا دەبێت فەلسەفەیەکی تر و زانستێکی تر بهێننە ئاراوە، سوود وەرگرتنیش لەم زانستەدا دەرخستنی ئەو ڕێبازە ڕاستییانەیە کە زانستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ پەیڕەویی بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی نوێ. بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا زانستێکی نوێ بۆ بنەبڕکردنی هێرشە دەروونییەکانی پیاوی کورد لە کووشتنی ژندا بێتە ئاراوە. پیاوی کوردیش دەبێت سەرەتا ئەم شەڕە لەناخی خۆیدا بباتەوە دژی کلتوور و دابونەریت و ئایین، ئەوسا ئامادە دەبێت کە لە کۆمەڵدا ئەکسێپتی ئازادیی بکات، ئازادیی بەومانایەی بوون پێیداوە وەک ڕەهەندێکی خۆڕسک لە سروشتدا. ئەوسا ئامادە بێت کە هەنگاوێکی نوێ لە ژییانی ئازادیی کچ و ژن و خوشکدا هەڵبهێنێت. مرۆڤی ئازادییخواز دەبێت هەوڵبدات کێڵگەیەکی باشتر بۆ داهاتی ئازادیی مرۆڤ چێبکات بەدوور لە بیرکردنەوەی دڕک و داڵی شەڕانگێڕیی و شەڕ و کووشتن. کێڵگەیەک پڕ گوڵ و گوڵزاری " بیری باش ، کرداری باش، گفتەی باش"

25.04.04

www.kurdistannet.org

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org